# دیسانەوە دەربارەی گەندەڵیەکانی لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامە نوسان



محەمەد حسێن
muhemedhusen@yahoo.com

ماوەیەکە کەم و کوڕی و گەندەڵی لەکارەکانی لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنوساندا بۆتە جێگەی باس و ڕەخنەی گەلێك ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکوردیەکان , تازەترین ئەوبابەتانەی لەم بوارەدا نوسرابێت بابەتەکەی ( کاك کامیل ساڵەیی لەژمارە 186 ی ڕۆژنامەی هەواڵدا , بەناونیشانی "سەندیکای ڕۆژنامە نوسانی کەرکوك ناعەدالەتی لەیەکەم تاقیکردنەوەی دەسلاٌتدا "و بابەتێکی تری برادەرێك بەناوی ڕۆژنامە نوسێکی کەرکوکی بەناونیشانی " کۆمەڵگای خێڵەکی و .. سەندیکا گەلێکی خێڵەکیانە تر ! " لەژمارە 22 ڕۆژنامەی کۆڕی تێکۆشاندا بلاٌوبۆتەوە . بەگشتی ئەم بابەتانە ڕوپۆشیان لەسەر چەند دیمەنێکی تری گەندەڵیەکانی ئەم دواییەی لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامە نوسان هەڵداوەتەوە . دیارە بابەتەکان بۆخۆی جێی دەستخۆشیە , ناکرێت کەم و کوڕی و گەندەڵی لەشوێنێکی وەهادا بەسەر ئەوکەسانەدا تێبپەڕێت وائەهلی قەڵەمن . بەلاٌم نەگبەتیەکە ئەوەیە لەوەتەی لقی کەرکوکی ئەم سەندیکا دروست بووە کارێکیان نەکردووە لەوسەرەکەیەوە بەڕوسوری لێی دەرچوبێتن , هەمیشە دوای هەر کارێکیان هەراو زەنایەکی میدیایی دروست بووە لەسەر گەندەڵی و کەم و کوڕیەکانیان . باوەڕم وایە گەر لەسەر ئەم ڕەوتەی کارکردنیان بەردەوام بن ئەوا هیچ دورنیە لەداهاتودا کۆمەڵێك ڕۆژنامەنوس دروست ببن کەپسپۆریان بەس توێژینەوەو چاودێری گەندەڵی بێت لەم ڕێکخراوەngo ی کەرکوکی کلۆڵدا . ئەوی ئەمەوێت لەتەنیشت نوسینەکانی ئەو برادەرانەی تردا بیڵێم ئەوەیە کە حکایەتی گەندەڵی لەم لقەی سەندیکای ڕۆژنامە نوساندا زۆر لەکاتی دابەشکردنی زەویەکانی ئەم دواییە کۆنترە , بەڵکو هەر لەیەکەم هەنگاوی دروستکردنیەوە ئەم لقە بەشێویەکی گەندەلاٌنە دروست بووە . ئەوەیشی ئەمڕۆ دەیبینین و خەڵکانێك لەسەری هاتونەتە دەنگ ئەنجامی کەڵەکە بونێکی بەردەوامی گەندەڵیەکانی پێشتری ئەو بەڕێزانەیە کە لقی کەرکوك ئەبەنە ڕێوە , هەر وەها بەردەوامن لەسەری و بۆیشیان دەست ئەدات وەك ئەوەی مێشێك میوانیان نەبێت . من بۆئەوەی هەر لەبنەڕەتەوە بەکێشەکاندا بێمەوە و ئەو سەرەتا گرنگەمان لەیادنەچێت کەئەم لقەی لەگەندەڵیدا غەرق کردووە , پێم خۆشە لەسەرەتاو خاڵی دەست پێکردنی لقی کەرکوکەوە دەست پێبکەم .

کەیەکەم کۆنفرانسی ئەم لقە بەسترا چەند حیزبێك بەهەمان میکانیزمە کۆنەکەی بەرەی کوردستانی سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە , کەوتنە براو بەش کردنی پۆستەکانی ئیدارەی لقی کەرکوکی سەندیکا , ( ڕێکخراوێکیn g o یش بەم جۆرە دروست بکرێت ئاشکرایە جدیەت و کەڵك و فەڕی چیەو بۆکێیە و چۆن دەبێت ) , بۆئەوەی ئەم کارەشیان بۆمەیسەر ببێت کەوتنە بانگهێشت کردنی خەڵکێکی زۆری دور لەکاری ڕۆژنامە گەری بۆکۆنفرانسی یەکەم و هەر لەبنەڕەتەوە تێکەڵی و پێکەڵیەکیان کرد لەنێوان ئەوانەی بەڕاستی ڕۆژنامە نوسن + ئەوانەیش پاسەوانی تایبەتی بەرپرسێکن کەبانگهێشت کراوە بۆئەوەی ببێتە ڕۆژنامە نوس . دیارە ئەم بانگهێشتکردنانەیش بەڕادەی مەحسوبیەت و نزیکایەتی لە حیزبە پێکهێنەرەکانی سەندیکاوە خەڵکانێکی تایبەتی ئەگرتەوە !!. کێشەکە ئەوە نیە خەڵکانێك کەڕۆژنامە نوسی پیشەیان نیە بۆچی ئەیانەوێت ببنە ئەندام لە ڕێکخراوێکی بەناو (N G O ) دا کەبەحسابی خۆی تایبەتە بەپیشەی ڕۆژنامە نوسیەوە , بەڵکو ئەوەیە لەبەرژەوەندی کێدایە سەندیکای ڕۆژنامە نوسان ئەو کەش و بارە دروست بکات ڕۆژنامە نوسێك و کەسێك کە هیچ پەیوەندیەکی بەم پیشەوە نیە لەهەمان ڕێکخراودا ببنە ئەندام ؟ بۆچی هەر ئەبێت لەکەرکوکیشدا ئێمە ئەزمونە

سەقەتەکەی ڕێکخراوە کارتۆنیەکانی هەولێرو سلێمانی دووبارە بکەینەوە  کە ئەمڕۆیان لەهەموو کاتێك زیاتر بێکەڵکیان دەرئەخات . بۆچی ڕۆژنامە نوسان نەتوانن ئەزمونێکی جیاواز لەشێوازە سواوەکانی ڕێکخراوە ( n g o )حیزبیەکان دروستکبەن , کەلەکاتێکدا کەرکوك بۆکورد بەرلەهەموو شتێك پێویستی بە دروستکردنی ئەزمون و نمونەی جوانترهەیە بۆئەوەی نیشانی ( ئەو )ەکانی تری بدات کەلەو شارەدا لەگەڵی ئەژین ,  نەك ئەوەی فەشەل و سواویەکانی هەولێرو سلێمانی تیا دوبارە بکرێتەوە , وەك ئەوەی لەئەزمونی سەندیکادا بینیمان . بەدڵنیایەوە مێژوویی دووساڵی ڕابردوی ئەم لقەی سەندیکا وەڵامێکی ڕونی ئەم پرسیارانەمان ئەداتەوە ..

بەهەرحاڵ مەسەلەی ( بەربەنیوەیی ) و زەوی وەرگرتن بەو جۆرەی لەوتارەکەی کاك کامیلدا هاتووە ( کەگوایە کابرایەك لەبنەسلاّوە بۆخۆی دانیشتووەو  بەدووکوت لەکەرکوك زەویان بۆ وەرگرتووە ) ئەم شتانە دەچێتە چوارچێوەی وردە گەندەڵیەکانەوە , ئەم سەندیکا کێشەی کەینونەیی و گەورە تری هەیە  , پێش هەموو شتێك گرفتی ئەم سەندیکا لەوەدایە مانایەکی بۆکاری مەدەنی ڕێکخراوەی نەهێشتۆتەوە ,  بێمانا ترین فۆرمی ڕێکخراوەیی  n g o ی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە  , یەك هەنگاو نەهاتۆتە ئەم دیوی ئەو مۆدێلەی لەسلێمانی و هەولێر حیزبەکان بۆجوتیاران و مامۆستایان و کرێکاران دروستیان کردووە , تاڕادەیەك دواکەوتوو تریشە . گەر تەماشای ڕێکخراوە پیشەییەکانی تر بکەین لەکوردستاندا , قەت کەسێك نابینرێت پارێزەر نەبێت و  ئەندام بێت لەسەندیکای مافپەروەراندا , مامۆستا نەبێت و ئەندامی یەکێتی مامۆستایان بێت , جوتیارو کرێکارو پزیشك و ئەندازیارو ... هتد بۆهەموو توێژەکانی تریش هەروا , چونکە پێویستە هەر هاووڵاتیەك لەسنوری هاوپیشەکانی خۆیدا کار لەگەڵ ڕێکخراوێکدا بکات بۆدابین کردنی مافە پیشەییەکانی , نەك وەك ئەو تێکەڵیەی سەندیکای ڕۆژنامە نوسان دروستی کردووە .  باشە ئەی چ حیکمەتێك لەوەدایە ئەم ژمارە بەرفراوانەی خەڵکی کوردستان ڕویان کردۆتە سەندیکا بۆ بون بەئەندام , بۆچی  ئەندام بوون لەم سەندیکادا ئەوەندە جازبیەتی هەیە و داوای لەسەرە , لەکاتێکدا هەموو ڕۆژنامە نوسانی کوردستان شاهدی بێ هەڵوێستی ئەم سەندیکان لەبەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر ماف و کەرامەتیان  ئەکرێت . زۆر بەسادەیی ئەوە **گەندەڵیە** هێندە ئەم سەندیکای خۆشەویست کردووە لەبەرچاوی خەڵك . تەنها لەبەر ڕۆشنایی ڕێسای گەندەڵیشدا ئەتوانین لەم دیاردەیە تێبگەین  . ئەو ڕۆژنامە نوسانەی پێویستیان بەسەندیکایەکە لەکامێرا زەوتکردن و زیندانی کردن بیانپارێزێت , تائێستایش لەدەرەوەی ئەم سەندیکا بۆ ئەلتەرناتیفی تر ئەگەڕێن , لەبەرامبەریشدا خەڵکانێکی تر , بۆئەوەی پارچەزەویەك وەربگرن , یان ساڵەکانی خزمەتی فەرمانبەریان زیادبکەن , یان ئەو سەرمایە ڕەمزیە بەدەست بێنن کەلەوانەیە  کاری ڕۆژنامە نوسی لەم وڵاتەدا بۆمرۆڤی دابین بکات , بەهەڵپەوە ڕویانکردۆتە ئەم سەندیکا . کەواتە کێشەی برادەرانی لق هەر ئەوە نیە لەبەڕێوە بردنی سەندیکادا گەندەڵن , بەڵکو وێنەی ڕۆژنامە نوسیشیان شێواندووە . هاوکێشەکە بەم جۆرەیە :-

بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامە نوسانەی لەشوێنی ڕوداو و ڕوماڵ کردنی هەواڵدا  تێهەڵدان و سوکایەتیان پێ ئەکرێت , وا نازانن ئەم سەندیکا نوێنەری خواست وداواکانیانە , لەبەرامبەریشدا سەندیکا ڕوبەڕوی شاڵاوی خەڵکانێکی زۆری دور لەکاری ڕۆژنامە نوسی بوەتەوە , کەلەڕاستیدا پێویستیان بەوە نیە ببن بەئەندام لەم سەندیکادا . ئەم هاوکێشەیە هێندە سەیرو عەجیبە باوەڕناکەم لەم جیهانەدا هاوشێوەی بدۆزینەوە ,

کاتی خۆی من لەژمارە ( 190) ڕۆژنامەی هاوڵاتی و , خەڵکانێکی تریش هەبوون لە چەند شوێنێکی تر قسەیان لەسەر ئەم سەرەتا خراپەی دروستکردنی لقی کەرکوکی سەندیکا کرد , بەگشتی هەموان گلەییان هەبوو لەو کێشانەی کە پێشتر باسم کرد و هەندێك گرفتی تر کە پەیوەندی بە کۆکردنەوەی خەڵکێکی زۆرو بۆرەوە هەبوو کە ڕۆژی بەستنی کۆنفرانس بانگکرابون بۆئەوەی نفوزی حیزبە پێکهێنەرەکانی کۆنفرانسی پێ بەهێز بکرێت . من نازانم سزاو ( عیقاب الشدید ) لقی کەرکوك چی بوو بۆئەو نوسەرانەی تر کەبەدیدێکی ڕەخنە گرانەوە یەکەم کۆنفرانسی لقی کەرکوکی سەندیکایان هەڵسەنگاند , بەڵام شێرە کوڕانە تۆڵەی خۆیان لەمن سەندەوە  !!  سزای من ئەوە بوو کە دوای دووساڵ ڕۆتین و گلدانەوەی فایلەکەم لەکەرکوك , دواجار مافی ئەندامێتی سەندیکایان لێزەوت کردم  و مانگی ڕابردوو فایلەکەیان بۆناردمەوە بەبێ ئەوەی شەرم لەوە بکەن کە پێشتر  لەلایەن لیجنەکەی خۆیانەوە بەئەندامی کارا وەرگیرابوم  و داواکاریەکەم ئیمزای قبوڵکردنی هەر پێنج ئەندامانی لیجنەکەیانی لەسەرە , بەم جۆرە ( شێرەکوڕانە ) تۆڵەی خۆیان لەمن سەندەوە  .!! من کە ئەم کەیسەی خۆم لێرەدا ئەخەمە ڕو  ئەمەویت وەك نمونەیەکی کردەوەو ڕفتاری ئەم بەڕێزانە نیشانی بدەم کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ

هاوپیـشەیەکی خۆیانـدا ئەکـەن , لەسـزای ئـەوەی ڕەخنەیـەکی هـەبووە لەگەندەڵیـەکانیان , ئەمـەش بـەس لەبـەر ئـەوەی خوێنـەران سایکۆلۆجیەت و ڕفتاریانی بۆدەرکەوێت لە ئیدارەکردنی لقی کەرکوکدا , ئەگینا مەبەستم گلەی و سکالآنیە , چونکە لقێك سەرەتاکەی بەو جۆرە دەست پێبکات , چاوەڕوانی ئەنجامێکی لەوە باشتری لێناکرێت .

لە نوسینەکەی کاك کامیلدا گەشبینیەکم بەدی کرد لەوەی کە ئەم برادەرانە بتوانن بەخۆیاندا بچنەوە , کاتێـك ئـەڵێت " هیـوادارم برایـانی لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامە نوسان هەر خۆیان بەمەسەلەکەدا بچنەوە " , پیاچونەوەی چی بـەڕێزم ؟ لێـرە گەنـدەڵی ڕێکـەوتێك نیـە دەستێکی ناپاك کردبێتی و ئێستا ئاشکرا بوبێت , بەڵکو ستراتیژی کارکردنـە . مـن ئەپرسـم لـەچ کارێکی ئـەم لقـەدا گەنـدەڵی ئامادەییـەکی بەرچاوی نەبووە ؟ ( بەستنی یەکەم کۆنفرانسیان , ئەندام وەرگرتنیان , ڕێکخسنی سەفەرەکان بۆدەرەوەی ولآت , دابەشـکردنی زەویـەکان ) . چارەسەر بۆنەخۆشێك پێشنیار ناکرێت کەخۆی مەناعـەی نەمابێـت , لەوانەیـە پێـشنیارەکە گونجاوتر بوایـە گـەر بـەم بەڕێزانـەی ئێـستا ئیدارەی لق ئەکەن بوترایە , بەو دڵسۆزیەی خۆتانەوە ئیتر وازبهێنن لەئیدارەکردنی ئەم لقە و لێگەڕێن باڕۆژنامەنوسان خۆیان ستافێکی تر , بەهەڵبـژاردن و دور لەدامەزرانـدنی حیزبی بۆخۆیـان هەڵبـژێرن , کـەمن دڵنیـام وازهێنانەکـە تـەنها هـەنگاوێکی سـەرکەوتوانەیان ئـەبوو لەمێژووی بەڕێوەبردنی لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامە نوساندا .